هەرجارەی سەنتەرێک

سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان ئۆفیسی کەرکوک

سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئوفیسی کەرکوک لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی خۆری ئازادی شاری کەرکوک لە ساڵی (٢٠٠٤) سەنتەرێکی ناوازە چرۆی کردو بۆنی خۆش و سازگاری پرژاندە سەر لاوانی شارەکە دا ساڵێك بوو تەمەنی راپەرین ، سەنتەر دەرگای والاّبوو لە بەردەم لاوانی شارە خۆشەویستەکەماندا بێ جیاوازی لە بیرو راو رەگەز و ئاین دا.

ئەم سەنتەر ئەو چالاکیانەی ئەنجامی داوە لە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری لاوان هەر بۆیە بایەخی زۆری بە بەشی راگەیاندن و خولەکان و وەرزش داوە ،بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی تەمەنیدا لە هەوڵی گەشەکردنی بیرو توانا و وزەکانی لاو بدات لەم بوارانەدا بە سازدانی چەندین کۆر و سمینار ، وۆرك شۆپ ، پێشەنکای چوراو چۆر ،خولی وەرزشی، خولی بەهێز کردن ، خولی رۆژنامە نوسی و خولی کومبیوتەر و هتد... وەهەروەها توانیوێتی هاوکاری چەندین رێکخراوی (NGO) بدات کە مایەی سود بەخشین بوو بۆ سەدان لاوی ئەو شارە . هەر بۆ یە بە باشی دەزانین لەم دێرانەی خوارەوەدا بە چەپکە گوڵێك بیخەینە بەردەستی خۆینەرانی بەرێز.

بەشی راگەیاندن کە " سیروان سید" بەرێوەی کردنی چەندفلیم کارتۆنێك بۆزمانی کوردی ، هەر لە چوارچێوە چالاکییەکانی بەشی راگەیاندندا دروست کردنی ستافێکی نەشرەی دیواری بووە کەمانگانەدەردەچێت و تاکو ئێستا چەندین نەشرە بلاّوکراوەتەوەلەوانە (گزنگ،سەپان،هەنگاو،مەولودنامەی پێغەمبەر (ص)شیعرەکانی سیروان و چەندینی تر .

لە بواری هونەریشدا ئۆفیسی کەرکوك کاری **بەشی وەرزش** یەکێکی ترە لە بەشەکانی ئۆفیسی کەرکوك و لەلایەن (نەترس صابر احمد) دەبرێت بە رێوەو بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردن بە لاوان و هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی بواری گونجاو بۆیان بۆ ئەوەی پەرە بە چالاکییە وەرزشیەکانیان بدەن و بەو پێیەی کەوەرزش پێگەیەکی تایبەتی هەیە لای لاوان کارکراوە بۆ گەشەپێدانی ئەم بەشە کارامە کە زیاتر لە (٨٠٠) خوێند کارو قوتابی سودی لێ وەرگرتووە ، ،هەروەها کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بەردەوامی بۆ سەرجەم بەرنامەکانی (وەرد، ئەکسڵ،ویندۆز،فۆتۆشۆپ) بۆ لاوان منداڵان ،هەروەها هەر لە درێژەی خولە جۆراوجۆرەکاندا خوازیاران و ئاشقانی موزیك پێبەش نە بوون لە کردنەوەی خولی موزیك بۆ ئامێری کەمان و ئۆرك بە سەرپەرشتی مامۆستای تایبەتی بواری میوزیك و چەند لاوێك بەشداریان تێدا کردووە .

ئەمەو سازدانی چەندین ۆرگ شۆپ بە هاوکاری رێکخراوە بیانێکان وەك رێکخراوی (ICSP) کەمانگانە سازدەکرا **بەشی کارگێری** ،بەرپرسی ئەم بەشە بەرێز مامۆستا (ئاشنا نوری غفور) ە ، توانیوێتی بە شێوەیەکی کار ئەندازەیی سەر جەم کارەکانی رۆژانەی سەنتەر راپەرێن و هاوکاری سەرجەم بەشەکانی تری سەنتەر بکات لە دروست کردنی فۆرمی تایبەت بە داتا کردنی کارەکانی سەنتەر و دیاری کردنی کاتی سەرجەم دانیشتنەکان لەگەڵ بەرێوە بەری سەنتەر و بە شەکانی تر دا بۆ راپەراندنی کارەکان بە شێوە یکی رێك وپێك .شایەن باسە مامۆستا حسین حسن) بەرێوەبەری ئۆفیسی کەرکوکی سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان هاوکاری هەموبەشەکانی سەنتەری کردوە لەئەنجام دانی کارو چالاکییەکانیاندا .

ئا : راگەیاندنی ئۆفیسی کەرکوکی YADC

سەرەڕای کۆرسە جۆراوجۆرەکان توانراوە لە ماوەیەکی کەمدا کۆرسی بە هێزکردن بۆ وانەکانی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی بکرێتەوە و نزیکەی ١٠٠٠ لاو بە هەردوو رەگەزەوە سوودمەندبن لێی

دەبات توانیەوتی لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگێدا بەشی راگەیاندنی سەنتەر گەشەپێبدات و ئەم چالاکیانە بهێنێتە بەرهەم .

لەم ماوەیەدا سەنتەر هەستا بەکردنەوەی پێشەنگای فۆتۆ بۆ هونەر مەند (وەهاب دڵخۆش) کە باس لە نەهامەتیەکانی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان دەکات ،هەروەها بەشداریکردن لەکورتە درامایەکی تەمسیلی بەناونیشانی (کرێ چی) ، وێنەگرتن وکۆپی کردنی چەندین چالاکی جۆراوجۆری سەنتەر یەکێکی تر بوە لە چالاکییەکانی ئەم بەشە هەروەها بۆ زیاتر خزمەتکردن بە منداڵان و لاوانی ناوچەکە و بەمەبەستی ئاشناکردنەوەیان بە زمانی شیرینی کوردی سرینەوەی ئاسەواری تەعریب لەو شارەدابەشداریکراوەلەوەرگێران و دۆبلاژ خۆی ئەنجامداوەو بۆ ئەو مەبەستەش هەستاوە بە دروست کردنی "گرووپی هونەری سەحەر" کەچەندین چالاکی ئەنجام داوە بە تۆمارکردن و کلیپکردنی چەند گۆرانی و سروودیك و پێشکەشکردنیان لە بۆنەو ئاهەنگە تایبەت و گشتییەکانی ئەو شارەدا و سەرەرای ئەوەی چەند گۆرانیەکی تەنز ئامێزیان سەبارەت بە کێشەکۆمەڵاتیەکان و بارودۆخی سیاسی تۆمارکردووەو بلاّویانکردوەتەوە . هەر لەلایەن ئەم بەشەوە بۆ ماوەی ساڵێك توانراوە بلاّوکراوەی تاف بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەربکرێت و چەندین بابەتی بە پێزی بە پێنوسی لاوان و بۆ لاوان بلاّوکردوەتەوە و پاشان ریار دراوە ئەو بلاّوکراوەیە بکرێتە لاپەرەیەك لە بلاّوکراوەی سەنتەرو لەو بەروارەوە بەبەردەوامی بابەتەکان لە بلاّوکراوەی سەنتەردا بلاّودەکرێنەوە .

لەسەنتەرەکە ، دا تائێستا چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام دراوە لەوانە(ئەنجام دانی چەندین یاری دۆستانە وکردنەوەی چەندین خولی تێنس وشەترەنج وهەروەها خولی دووگۆڵی لەنێوان تیپەجیاجیاکانی شاری کەرکوك وکردنەوەی خولی پاسکیل سواری کەچەندین لاوتیایدابەشداربوون .

بەشی خولەکان شان بەشانی بە شەکانی تری سەنتەر بەرپرسیی ئەم بەشە بەرێز (دیار محمد عزیز) توانیوێتی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کاری دا بە شێوەیەکی کارامە هەڵساوە بە کردنەوەی چەندین خولی جۆراو جۆر بۆ لاوان و گەنجان لەوانە " خولی بەهێزکردن بۆپۆلی شەشەمی ئامادەیی بۆ وانەکانی (بیرکاری،فیزیا،کیمیا،ئینگلیزی) بۆ کوڕان و گچان سالانە لە سەنتەرەکە دا دە کرێتەوە بە سەرپەرشتی چەند مامۆستایەکی پسپۆر و